www.kurdistannet.org
18-7-2006 22:47بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەوەی لە عێراقدا دەگوزەرێت سەیرو سەمەرەیە!!! ... حەسەن سەید باقی

سەیروسەمەرەكانی دونیا حەوت بوون، یەكێكیان لەعێراقدا بوو. بەڵام ئێستا بە قودرەتی قادرو ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی بوو بە هەشت و لەعێراقدا بوو بە دووان.

ئەمریكای رزگاركەر رۆژ لەدوای رۆژ جوانی پاشەڵی زیاتر دەردەكەویت، هەروەك ئەوەی لە ئەبوغرێبەوە دەستی پێكرد بۆ ئیسحاقی، پەردەپۆشی كرد بە كوشتنی زەرقاوی. دواتر لە بەعقوبە، ئێستاش لە مەحموودیە كچێكی شانزە ساڵان ئەتك دەكەن (زەوت دەكەن) خێزانەكەشی بەدەستڕێژی گوللە دەكوژن! بەشێوازێكی مرۆڤانە!!.

ئەزانی بۆ؟ بۆ ئەوەی ئازاری دەروونی نەچێژن!. بەڕاستی ئاست بەرزی مرۆڤایەتی سەربازەكانی ئەمریكا دەردەخەن، لەلایەك لەلایەكی تر ئەو حیزب و لایەنانەی كە هەن و خۆیان بە نوێنەری ئیسلام و شەریعەت دەزانن، بە شیعەو سوننەشەوە دەنگیان نایەت، ئەزانن بۆ؟ تا نانیان نەبڕێت (ها ها) . ئەو سوپا رزگاركەرو مرۆدۆستانەیەش هەمیشە لە هەر شوێنێكی دونیا بن لە گوانتانامۆ بن یا ئەفغانستان، یا هەرشوێنێكی تری ئەم دونیایە، پابەستن بە مۆراڵ وكارە مرۆدۆستیە ئەمریكیەكەیان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی سیاسەتی سەركردە كاوبۆكەیانە.

خەڵكینە ئەوەی لە عێراق دەگوزەرێت ناو دەنێن چی؟! ڕۆژانە مرۆڤ دەبنە خۆراكی بیری گەندەڵ و تیرۆر، كێن ئەوانەی كە رۆژانە ئۆتۆمبیلی مینڕێژكراو لە كوچەو كۆڵانەكانی شارەكاندا دەتەقێننەوە؟. كێن ئەوانەی خەڵك دەفرێنن؟. كێن و كێن ...؟.

دەیانەوێت ئاژاوە بەربڵاو بێت، كێشە لەنێوان ئەم نەتەوەو ئەودا، شیعە و سوننیدا، توندڕەو میانڕەودا هەبێت، تا خۆیان سەروەرو فریادڕەس بن.

ئەوەی كە ویژدانی ما بێت، وە خۆی نەدۆڕاندبێت بۆ پلەوپایەو سەروەت وسامان، رۆژێك دێت دەنگی لێ بەرزبێتەوە. گومانی تێدا نییە رۆژێك دێت ڕاپەڕین دەست پێبكات دژ بە بەكرێگیراوان و ئاغاكانیان. هەروەك ئەوەی دژی بەعسی فاشی ڕوویدا.

سەیرو سەمەرە لەوەدایە، دەڵێن كرێكارانی كارگەیەك نزیكەی 100 كەس فرێنران، باشە چۆن وە بۆ كوا؟. كێن ئەوانەی ئەو توانایان هەیە؟ ئەی رۆڵی باڵە فڕ (فڕۆكە) و كۆپتەرەكان و سوپای رزگاركەرو گاردی نا نیشتمانی كوانا؟!

یا لەبۆسەیەكدا ئەندام پەرلەمانێك، خۆی و چەكدارەكانی دەفرێنن. باشە چۆن؟ كێن ئەوانەی بەوشێوە ئاشكرایە ئەوە دەكەن؟ ئایا ئەوانە ئەوكەسانەن كە حكومەتی مالكی پێیان دەڵێت تیرۆریست؟! یا هەر پیاوەكانی خۆیانەو بەوشێوەیە ئۆپۆزیسۆنەكانیان لەناو دەبەن. بەڕاستی سەیرە!! ئەگەر ئەوان بەوكارانە هەستن، ئەی رۆڵی ئاسایش چییە؟ كامیان باڵا دەستە؟ ئائەوەیە سەیروسەمەرە لە عێراقدا، كەس سەری لێدەرناكات و بووەتە سەرسوڕهێنەرێكی تری دنیا، سەرسوڕهێنەرەكان لەحەوتەوە بویە هەشت. تیرۆریستانی لەمەڕ حكومەتی مالكی، لەم ڕۆژانەدا چەند چەكدارێك لەبەغداد بە بەرگی پۆلیسیەوە هەڵدەكوتنە سەر هۆڵێكی ئۆلۆمپی عێراقی و ئەندامانی ئامادە بوو دەفرێنن، ئەی ئەمانە بۆ؟ بۆكوا؟!! تۆ بڵێی ئەوانە جادو باز نەبن، كە بەوكارە هەڵدەستن چاو بەست لەخەڵكی و ئاسایش دەكەن، یا هەرخۆیانن، ئەوانەی بەناو پارێزەری گیانی خەڵكی و سەروەت و سامانن، ئاسایش دەپارێزن، هەروەك ئەوەی ئەو شۆڕەسوارانەی ناوچەی كەلار كە هەستاون بە ڕفاندنی خەڵكی و ئاسایشیان شێواندووەو خۆیان ئاسایش پارێز بوون!! زۆر جوانە، ئەگەر ئەو مرۆڤە لەدەستیان قوتار نەبووایە هەركەس لەلی بكردایە لەلیان دەبڕی ئەو شۆڕشگێڕانەی ئەو دەقەرە!!. بۆیە دەكرێت بڵێن ئەوانەی لەشوێنەكانی تریش ڕوودەدات، دزی و ڕاوڕووت و تیرۆر دەكەن، هەر هاوڕێ و هاوكارەكانی ئەمانەن. ئەمە لایەك تراجیدیاو لایەك پێكەنین ئامێزە، دنیایەكی سەیرە گوڵم.

ئەڵمانیا یولی 2006